# ترسەكانی سەلەفی تازەگەر ,لەبەردەم هەڵوەشاندنەوەی سێنتەردا

**نیهاد جامی**

بەدوای ووتاری"هەڵوەشاندنەوەی سێنتەر لەگوتاری هەولێریدا" لە ماڵپەری دەنگەكان ودواتر كە لەمانگنامەی ( بەدرخان )یش بلاو بووە, لەرێگەی ئیمێڵەوە چەندین وەلام ونامەی هەڕەشەمان ئاراستە كرا, بەبیانوی ئەوەی گوایە ئێمە قسەمان بە هەولێر ووتوە لەبەر ئەوەی هیچ لەو هەڕەشانە تاسای ئەوەیان نەكرد بەناوی خۆیان بۆچوونەكانیان بخەنە ڕوو بۆیە بێدەنگیمان لەوەلامدانەوە كرد, تاوەكو نووسەرێكی گەنج هات بەناوی خۆی وەلامێكی داینەوە, لەژێر ناوی( نیهاد جامی ئۆتۆمبیلێكی مینرێژ كراو لێدەخورێت ) بە پێنووسی "سەباح مەجید" بەدرخان ژمارە( 51 )2004/12/22 ئەو نووسینە كەلەناو هەڵچوونی شارچیەتی دەربازی نەبووە نەیتوانیوە گفتوگۆ لەتەك بابەتەكەی ئێمە بكات, هێندەی ویستویەتی ڕقێك لە دژی شارەكانی تر بڕێژێت, ئەوە ئەو ترسەیە كەئێمە زوو هەستمان پێیدەكرد, بۆ ئەوەی ووردتر مەبەستمان لە قسەكردن لە شاری هەولێر باشتر ڕوون بێت لێرەدا هەوڵ دەدەین ئەو ووتارە بكەینە بیانویەك بۆ قسەكردنێكی تر, سەرەتا دەمەوێ ئاماژە بۆ ووتەیەكی ڕەخنەگری هەڵوەشاندنەوەگەرایی ئەمریكی"هیلیس میللەر" بكەم, كەبڕوای وایە ( كاتێ نووسەرلەناو پرۆسەی نووسین ڕێز لە خوێنەر دەگرێت لە ڕاستیدا بەر لەوەی ڕێزی خوێنەر بگرێت دەیەوێ ڕێز لەنووسەریی خۆی بگرێت, هەروەك چۆن ئەو كاتەی خوێنەر مەبەستی ڕێزگرتن بێت لەنووسینی نووسەرێك لەو ڕێگەیەوە دەیەوێت ڕێز لە خوێنەری خۆی بگرێت ) ئینجا با بڵێین ئەو توڕەبوونە چیە گە نجێك نەك ڕێز لەنووسینی نووسەرێك ناگرێت, نا بەڵكو ئەو دەرفەتێك ناهێڵێتەوە بۆ ئەوەی ڕێزی خۆی وەك خوێنەرێكیش بگرێت, ئەو توڕەبوونە لەكوێوە هات وچۆن ئاوا پەنگی خواردبۆوە هەر لە قسەكردن لە سەر كارە شانۆیەكانی ئێمەوە تاوەكو ئەو ووتارەی لەسەر هەولێر بوو, ئەو توڕەبوونە لەوەدا كە بۆچی بەم شێوەیە ڕەخنە لە ئێمە بگرێت, ئەوەیان بۆمن مایەی ڕێزگرتنە بەوەی كەسێك دەیەوێ لە ڕێگەی مومارەسەكردنی نوسینەوە بۆچونەكانی خۆی دەربخات, ئەوەی مایەی سەرسامیە ئەوە ئەو هەڵە سادانەن كە توڕەبوون بەرهەم هێنەریەتی, هەر لەوەی تۆ وا تێبگەیت كە "لێكۆلینەوە خودان چەندین پرەنسیبی ئەكادیمیوجڤاكیومۆڕالیە" من نازانم ئەكادیمی بوون بەچ مانایەك بەو مانایەی كە لەكۆتایی ووتارەكەدا كۆمەڵێك سەرچاوە ڕیز بكەین, كە دیارە پێش هەموو شتێك ئەوەی من ناچێتە خانەی لێكۆڵینەوە هێندەی ووتارێكە دەنا ئەوانەی ئاگاداری نووسینی ئێمە بن دڵنیان لەوەی كەمن نەك ئاماژە بۆ سەرچاوەكان دەكەم بەڵكو ژمارەی لا پەڕەی سەرچاوەكانیش تۆمار دەكەم, بەلام بۆچی ئەو پرسیارە لەخۆمان نەكەین كوانێ ئەو سەرچاوانەی كە باس لەو دەنگە دەكات كەبەدرێژایی مێژوو پێمان دەڵێت هەولێری دواكەوتووە, ئەو نووسینەی ئێمە وەلامێكە بۆ ئەو دەستەواژەیە نەوەك درێژەدان بێت بەو باسە هێندەی ویستومانە بلێین كە ئەو هۆكارانە چین لە پشت دواكەوتنی ئەو شارەوەن, كە جارێ عەقڵی هەندێك خەڵك بەناوی لاف لێدانی شارچیەتی درگی پێناكات, تۆ كە درك بە نهێنی ئەو دیو سیستمی زمان نەكەیت چۆن دەتوانی لێكۆڵینەوە بە كارێكی مۆڕاڵی سەیر بكەیت, چونكە مۆراڵ لای ئەو جۆرە نووسەرانە هەر خاوەنی ڕاڤەی كۆمەلایەتیەو پەیوەندیی بە چەمكێكی فەلسەفیەوە نیە, چونكە ئەگەر وابوایە قسە لەو میتۆدە دەكرا كە لە پشت ئەو نووسینە ئامادەگی هەیە كە ئیشكردنە بە هەڵوەشاندنەوەی سێنترالیزمی لۆگۆسی لە ژێر تێڕوانینەكانی فەیلەسوفی فەڕەنسی جاك دریدا, لێرەدا هیچ گلەیەكم لەونوسەرە نیە كاتێك دەبینێت یەكەم نوسینی كوردیە پراكتیزەی تێڕوانینی دریدا بكات بۆناو كۆمەڵگا, بەلام ناكرێت بێئاگایی و نەخوێندەواری كەسێك بەگوناهی خەڵكانی تر ڕاڤە بكرێت, نا ئەوەیان پێویستی بە هەڵوەستە لەسەر كردنە.

یەكێك لە ئیشكالیەتەكانی دۆخی روناكبیریمان پەیوەندیی بەوەوە هەیە كەواتێدەگەین لە قسەكردن لە ڕابردوو لەدەرەوەی ستایشەوە ناكرێ ڕەخنە لەو ڕابردووە بگرین, هەر لەبەر ئەوەی ئێمە تیایدا نەژیاوین, ئەوە دیاردەیەكی ناو بارەگا حزبیەكان بوو پەڕیەوە بۆناو دۆخی ڕوناكبیریشمان, كە لە پشت ناوی نووسەری گە نجەوە ئەو دیدە سەلەفیە بەرهەم هاتەوە, ئەو سەلەفیە تازەگەرە پێی وایە قسەكردن لە ڕابردوو گێڕانەوەی حیكایەتێكی سەلەفیە, لەكاتێكدا ئەو ڕابردووەی من قسەم لێكردووە پەیوەندیی بەدوا چارەكی سەدەی بیستەم هەیە, نەك ڕابردوویەك بێت كە ئێمە لەناویدا نەژیابین, ئێمە بۆ ئەوەی شاری خۆمان بەرەو پێش بەرین هەرگیز بە چاوپۆشین لە هەڵەكانمان نایەینە پێشەوە نا بەڵكو پێویستە بەهەموو شێوەیەك ڕەخنەی ئاراستە بكەین, بۆ ئەوەی بیسەلمێنین ئەوە هۆكارەكانن هەولێریان بەرەو دواوە برد دەبێت بەشێك لەو هۆكارانە بخەینە ئەستۆی خۆمانەوە, نەوەكو تەنها پێمان وابێت بەعس تاوانبارەو ئێمە بێتاوانین, سەیرە تا ڕادەی كۆمیدیایەكی بێمانا سەیرە تۆ قسە لە شارێك بكەیت لەڕوانگەی میتۆدێكی فەلسەفیەوە, كەچی كەسێك نەك بێت بێئاگایی خۆی لە میتۆد ڕابگەیەنێت, بەڵكو دێت ئەو نووسینە ناو دەبات بە ڕق لە هەولێریی, ئەوە جگە لەوەی توڕەبوونەكانی گە نجێك بگاتە ئەوەی پێی وابێت ئەو نووسینەی ئێمە پاشە ڕۆكردنە لەكانی, بەڕاستی مرۆڤ قێز دەكاتەوە كە لەگەڵ سەلەفی تازەگەر چۆن بدوێت, ئاخر سەلەفی هەر ئەوەنیە پێی وابێت دنیا ناگۆڕێت و دەبێت ڕابردوو لەناو ئێستادا درێژە پێبدەین, ئەوەتە سەلەفی تازەگەر دێت بەناوی شارچیەتیەوە دەیەوێ هەموو گوناهەكان بخەینە ئەستۆی بەعس وپێمان وابێت ئێمە نا پاكین كە قسە لەبارەی شار بكەین, ئەوە جگە لەوەی ئەو ووتارە لەسەر هەولێر بوو تێناگەم ئەو هەموو سوكایەتیە بەخەڵكی سلێمانی بۆچی؟ خۆمن بەهیچ شێوەیەك باسی سلێمانیم نەكردووە وەك شارێكی مۆدێرن تا ئەو هەموو سوكایەتیەیان پێبكەیت, خۆ ئەگەر مەبەستیشت ئەوە بێت من لە پشت قسەووتن بە هەولێری بمەوێت ستایشی سلێمانی بكەم, ئەوە دەبێت ببورێت, چونكە هەرگیز پێم وانیە شارێكمان هەبێت دواكەوتوو لەبەرامبەر ئەوەشدا شارێكمان هەبێت مۆدێرن, ئەوەیان وەهمی سەلەفی تازەگەرە كەتێی دەكەوێت, ئەوە گرێی سەلەفیە كە پێی وایە مادامەكی دەووترێ هەولێر دواكەوتن تیایدا ئامادەبوونی هەیە ماناى وایە سلێمانی شارێكی

مۆدێرنە, خۆئەگەر مەبەستیشی ئەوەبێت ئەوەی بۆ یەکلا بێتەوە ئەوە با سەلەفی بڕوانێتە ووتارێکی ترمان لەماڵپەری دەنگەکان بەناونیشانی"وەهمی مۆدێرنیتی لەگوتاری بەشاربوونی سلێمانی" کە تێڕوانینی ئێمەیە لەسەر سلێمانی تاوەکو تێبگات کەمن لەکوێ ستایشی سلێمانی دەکەم, ئەگەرچی ئەو نایەوێت بخوێنێتەوە, سەلەفی تازەگەر دێت بۆئەوەی حوکمە موتلەقەکانی بسەپێنێت ئاخر من لەکوێ وکەی خۆم بە خەڵکی سلێمانی زانیووە کەدیارە ئەگەر ئەو مافەم پێبدرێت دیسان بۆمن مایەی سوکایەتی نیە سوکایەتی بۆ سەلەفی تازەگەرە کەدەنوسێت"ئەو هەرچەندە کەخۆی بە سلێمانیەکی زۆر تۆخ لەقەڵەم دەدات" ئەو سوکایەتیە لە نووسەرێکەوە دەپەڕێتەوە بۆ شارێك بەوەی سەلەفی تازەگەر بنووسێت( ئایا پێشکەوتن ئەوەیە تۆ قونت ڕووت بکەی؟ نا نا پێشکەوتن ئەوەیە تۆ "گردە مژە"و"گردەکان"و"دۆڵە ڕووتە"وەك چەند ناوێکی پڕلە بەتاڵبوونەوە لەبەها جڤاکی ومۆڕالیەکان بۆ شارەکەت زیاد بکەی؟ نازانم پێشکەوتن لەڕوانگەی جامیەوە ڕەنگە ئەوەبێ کە تۆ برژێیتە سەر شەقامەکان وهاوار بکەی )ئەو دەستەواژەیەی سەلەفی هەڵگری ئەوەیە بێدەنگ نەبین لە ئاستیدا, ناکرێت نەخوێندەواری وگەمژەیی لە ئاست دنیادا بە ئازادی بیروڕا ڕاڤە بکرێت, وەك ئەوەی خەڵکانێك فێربوون ژەهر ڕژانیان بەناوی بۆچوونی ئازاد دەربڕن, سەلەفی تازەگەر پێی وایە قون ڕووت کردن هەیە لە سلێمانی کە جارێ دەبێت داوای لێ بووردن لەخەڵکی ئەو شارە بکات, وەك چۆن منیش داوای لێبووردن دەکەم کاتێ لە سلێمانی دەمووت نەوەیەکی خوێنەوار لە هەولێرهەیە کە زۆر لەو نەوەیەی سلێمانی ووشیارترن, بەلاّم سەلەفی تازەگەر هەزاران جار لەبەرامبەر ئەوان شەرمەزاری کردم, ئاخر پیاو لەبەرامبەر سەلەفی تازەگەر وای بەسەر دێت بەهاوڕێکانی بڵێت ببورن ئێمە هەر ئەوەین بمانبەخشن, شوێنی وەك "گردە مژە" کە گەنجان مومارەسەی ئازادیی خۆیانی تیا بکەن بەلای سەلەفی تازەگەرەوە سوکایەتیە, بە بەتاڵبوونەوە لەبەها مرۆییەکان ناوی دەبات, من سەیرم پێدێت نووسەرێك هەبێت شوێنی بۆ پیاسە نەبێت لەگەڵ کچێکی هاوڕێی کە شوێنێك لەشارێکی تریش هەبوو پێی وایە ئەوە بەتاڵبوونەوەی ئەخلاقە, ئەرێ بەڕاست مەلاکانی ڕۆژی هەینیش لە مزگەوتیش هەروا قسە ناکەن, تۆ پێت وابێت لە ڕێگەی نووسینەوە دەتەوێ دنیا بگۆڕیت بەلاّم گردە مژە بەبێ ئەخلاقی ناوبەریت, من نازانم لای ئەو نووسەرە نووسین وەزیفەی چییە ئایا بۆ گۆڕینی دنیایە یان نووسین پرۆسەیەکە بۆمانەوەی سیستمی سانسۆروچەپاندن, سەلەفی تازەگەر گلەیی ئەوەی هەیە کەمن ڕژانە سەر شەقام بە پێشکەوتن دەزانم ئەو پێی وایە ئەوە پێشکەوتن نیە, با سەلەفی پێم بڵێ ئەی پێشکەوتن چیە بەعس نەیدەهێشت خۆپیشاندان بکرێت, تۆ کە پێت وابێت هاتنە سەر شەقام پێشکەوتن نیە ئەی خۆ ناکرێت گوزارشت لە بێئەخلاقی بکات, گۆڕان لە ئەوروپا و بەتایبەت لە پاریس بەرەنجامی ڕژانە سەرشەقامی خوێندکاران بوو هەڵبەت تۆ ترست لەو جۆرە گۆڕانانە هەیە چونکە بەناو ئەو ڕوناکیانەدا دەمامکەکانی ئێوە دەکەون وسیمای سەلەفی تازەگەر ئاشکرا دەبێت.

سەلەفی بڕوای وایە من داکۆکیم لەوە کردووە کە سلێمانی سێنتەری نیە لەکاتێکدا ڕەخنەی من لە سلێمانی ئەوە بووە کە هەرئەویش نا بەڵکو ئاماژەم بۆشاری دەهۆکیش کردووە کەلەدەرەوەی سێنتەر دان کەچی دەیانەوێ سێنتەر بخولقێنەوە, سەلەفی تازەگەر ئەوەشی لێ تێکەڵبووە دەیەوێت پێم بڵێت کە سلێمانی سێنتەری هەیە نەك نیە, ئەگەرچی لەبەرامبەر ئەو جۆرە نووسینانە مرۆڤ گومان دەکات بەر لە خوێندنەوە ڕقێك نەبێت هەموو حوکمە پێشینەکانی نەدابێت, ئیدیی بۆ گلەیی لە بەشێك لە نووسەرانی نەوەی پێشوو بکەین.

بۆ ئەوەی ئەو ڕقەشمان بۆ ئاشکرا بێت زوو تێدەگەین ڕقەکە زۆر لەوە زیاترە هەر بە قسە ووتن بە سلێمانیەکان کۆتایی بێت, چونکە ئەوەتە ئەو پێی وایە من باسی هەولێرم نەکردووە بەڵکو باسی شاری کوردیم کردووە ئەی بۆ باسی قەلاّی کەرکوك ناکەم, بە دڵنیایەوە کاتێ مرۆڤ بەرچاوی تاریك داهات هەقی خۆیەتی هیچ شتێك نەبینێت تەنانەت ناونیشانی بابەتەکەی منیش, وەك چۆن بۆ ناونیشانی وەلاّمەکەی خۆشی من گلەیم لێی نیە کە ویستویەتی ناڕاستەوخۆ وەك ئیمێلە خوازراوەکان هەڕەشە بکات, گەر وانیە مانای چیە من ئۆتۆمبیلی مینرێژ کراو لێدەخورم, کە دیارە من ئەگەر بە هەڕەشەی ئیمێلەکان و بەو وەلاّمە و بەو قسانەی ناو مەکتەبی سیاسی هەندێك حزب بوایە دەبوایە پۆزش بهێنمەوە بەلاّم من دڵنیام ئەوانە هەولێریان خۆش ناوێت هێندەی دەیانەوێت لافی هەولێریّتی لێبدەن لە ڕێگەی جنێودان بە شارەکانی تر, دەنا قۆناغەکانی شەڕی ناوخۆ قۆناغی لێدان بوو لەو شارە کەچی کەس لەسەر ئەوشارە نەهاتە دەنگ تەنها ئەوکاتەی پێویستیان بە گەنجی ئەوشارە بوو بۆشەڕ بۆ ئەوەی گردوکە پکەکانیان بۆ بگرنەوە بەووتاری حەماسی خەڵکی هەولێریی تێکۆشەرولاوانی قەلاّی هۆلاکۆ بەزێن ئەو دروشمانە بوو کە ئەو هەموو خەوێنەی گەنجیان لەوشارە بەبادا ئەی بۆ هەزارانی وەك ئەو سەلەفیە تازەگەرە نەهاتنە دەنگ, نەك هەر هێندە ئەگەر سەلەفی پێویستی بەوە بوو ئامادەم هەموو ئەو لێدوانانەی بیربێنمەوە هەر لەسەرۆکی پەرلەمان وجێگرەکەی تادەگاتە وەزیروبریکارەکەی و ئەندام پەرلەمان وهەموو ئەو ناوە قەبانەی کەئەودووهێزە لەنێوان خۆیان دابەشیانکردوو دواجار هەڕەشە بوون بۆ سەر ئارەزووی ژیان لەو شارەدا, بەلاّم سەلەفی چۆن جورئەت دەکاتی قسەی لەو چەشنە بکات, چونکە ئارەزووی ژیانی ژێر دەستی لای ئەو جۆرە نووسەرانە زۆر شیرینترە لای منیش ئارەزووی ژیان دۆستی وام لێ دەکات بڵێم ئەوانە هۆکاری دواکەوتنی هەولێرن, هەولێر چیەتی ئەوەنیە کە ڕەخنە لەشارەکە گیرا هیستریات تووش بکات, بەڵکو هەولێرچیەتی لای من ئەوەیە بە سەرۆکی شارەوانی بڵێین : ئەرێ برادەر تۆ لەبەردەرگای ماڵی خۆت تەنەکەی خۆڵت داناوە کاتێ پاکەتی جگەرەکەت تەواو دەبێت فڕێی دەدەیتە سەر شەقام, ئاخر من گومانم هەیە سەرۆکی شارەوانی لەبەردەرگای ماڵی خۆشیان تەنەکەی خۆڵیان هەبێت, دەکە نیانە با پێیان بڵێین لەبەردەرگای ماڵەکانتان داینێن ودواتریش وەرن لەناو شەقامەکان تەنەکەی خۆڵ دابنێن, داوای ئەوە لە هاولاّتیان دەکرێت کە پاکوخاوێنی شار ڕابگرن لە کاتێکدا تەنەکەی خۆڵ لە شارەکەدا نیە, ئەی بۆ بەڕێزتان لەو خەمخۆریە بۆشار نایەنە دوان یان کاری خۆتان هەر بەوە تێدەگەن چیرۆکێکی مردوو بنووسن وچش لەوەی دنیا خابوور دەبێت, کەی کێشەی ئێوەیە ئاوو کارەبا هەیە یان نا,کەیکێشەی تۆیە تەنەکەی خۆڵ هەیە گرنگ بەلاتانەوە موچەتان نەبردرێت وبۆ ڕازیکردن وئافەرینێکیش قسە بەو ووتارانە بڵێن کە هەڕەشەن بۆ سەر حزبی کوردیی, نەك هەر ئەوەندە بەڵکو لەڕێگەی ستایشکردنی حیکایەتەکانی ڕابردوو کەبۆ ئەو نەوەیە هیچ مانایەکی نەماوە وەك هەر حزبێك دێن دەکەونەوە

ستایشکردنی پێشمەرگە من نازانم حیکمەتی ئەو ستایشە بێ بۆنەیە بۆ نووسەرێك خێرەکەی لەچیدایە چونکە ناکرێت ئەو بۆچوونە بێنیازی خراپ بێت ئەوەتە سەلەفی تازەگەر دەیەوێت لەناو هەڕەشەکانی نەك هەر بمانترسێنێت بەڵکو داوادەکات کە کاردانەوەی هەبێت و دەنووسێت"هەقە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بەرسڤی خۆی هەبێت" ئەو داوابیە ناو بنێم چی وەك ئەوەی میلیشیاکانی حزبی کوردیی کەمتەرخەمیان کردبێت لەهەڕەشەکردن بۆ سەر نووسەران وسوکایەتی کردن پێیان, ئاخر ئەوە بۆچوونی ئێوە مانانە دەسەلاّت واتێدەگات هەموومان وەك یەك واین, بەشانازیەوە دەیڵێم شوکر بۆخوا نەبستێك زەویم وەرگرتووە لە حزبی کوردیی تا پێمی بفرۆشێتەوە وەنە وەکو هەموو نووسەرانی هەولێر سواڵێك وەر دەگرم بەناوی موچەی ڕێزلێنان کە ئەوانەی لە هەولێر وەری ناگرن خێرا ڕایانکردە وەزارەتی ڕۆشنبیری سلێمانی نەك لەبەرە نجامی دلسۆزیان بۆ یەکێتی بەڵکو لەبەر ئەوەیکرێکەی ئەویٚ زیاتر بوو, دواتر بڕوابکە هەڵوێستی من ئەوەش نەبووە کەتۆ باسی دەکەیت حەزدەکەم لەوە بێباك بیت وبۆچوونی من بزانیت بڕوابکە هێزی پێشمەرگەش نەبوایە ئێستا ئێمە هەر ئازاد دەبووین چونکە ئەمریکا هەموو عیراقی وەك یەك سووك‌و ڕیسواکرد بیرت نەچێت هەموو عێراق بەچی موقەدەستەوە هەیە داگیرکراوە, ئەزیزم ئەگەر تۆ ئەمڕۆ چاوت بەدنیا هەڵهێناوە بۆمن سەربازیشم پێکراوەو زیندانیشم دیووە ئەوە بۆ یەکێکی وەکوئێوە قوڕسبووەو حزبی کوردیی ئەمڕۆ کردوویەتی بەمنەت بەسەرتانەوە, وەك چۆن پێتوایە دوو ئایەتم لەبەر نەبێت, ئاخر سەلەفی لەوە تێناگات جیاوازی من وئەو لەوەوە دەست پێدەکات من حەوت جارقورئانم تەواو کردووەو لە مزگەوتەکان بانگم داوە, بۆیە دڵنیای دەکەم لەوەی شتێك نیە پێی بووترێ ئیسلام وئیسلامی سیاسی, پێغەمبەری ئیسلام یەکێك بووە لەوانەی کە سیاسەتیکردووە, ئەوە یەکێتی و پارتین دەیانەوێ بیانوو بە هێزە ئیسلامیەکان بگرن, هەر بوونی قورئانی پیرۆز پڕیەتی لەو ئایەتانەی کە شەرعیەت بە سیاسی بوونی ئیسلام دەدەن, ئەوە مەلا کرێکاروعەلی باپیرو زەرقاوی وئوسامە بن لادن نین ئیسلامیان ناشیرین کردووە نا ئەزیزم ئەوە ئێوەن دەتانەوێ بەردەوام پێمان بڵێن ئیسلامیەتی ئەنسارولئیسلام دوورە لەئیسلامی ڕاستەقینە, ئیسلامی ڕاستەقینە ئەوەیە لە پێناو سیمبولە پیرۆزەکانی خوداو پێغەمبەردا بجەنگیت, ئەمریکا کافرەو سەری دەبڕن, ئەوە ئێوەن بێئاگا لە دەقە ئاینیەکان لەگوێیی گادا نووستون, من نازانم کێشەی شارەکان چۆن بە ئاین چارەسەر دەکرێت, سەلەفی جارێك نیگەران دەبێت بەوەی باسی ڕابردوو دەکرێت بەلاّم کاتێ پێی وایە لە ڕێگەی ئاینەوە چارەسەری شار دەکرێت بۆچوونێکە لەناو ڕابردوویەکی دووردا دەژیێت, بەلاّم خالّی نیە لەهەلّە تێگەیشتن, ڕابردوویەك پەیوەندیی بە کێشەی ئەوس‌و خەزرەج هەبوو کاتێ پێغەمبەر ئاشتی کردنەوەو لەژێر ناوی ئەنسار کۆی کردنەوە,( کە دیارە ئەنسارولئیسلام سوودی لەو ڕووداوە بینی بۆ دامەزراندنی خۆی‌و گرتنەوەی باڵە مونشەقەکانی ) ئەگەرچی ئیسلام توانی کێشەی خێڵەکایەتی تاڕادەیەك لە بیابانەکانی سعودیە چارەسەر بکات, هەر بۆیە کاتێ عومەری کوڕی خەتاب دێتە ناو ئیسلام و پێغەمبەر پێی وایە ئیدیی ئیسلام لەمڕۆوە خاوەنی هێزێکی گەورەیە پەیوەندیی بەوەوە هەبوو کە عومەر لەناو خێڵدا خاوەنی هێز بوو هاتنی عومەر هاتنی هێز بوو بۆ ناو ئیسلام, بەلاّم ئیسلام هەرگیز نەیتوانیوە کێشەی شارەکان وەك ئەوەی ئێوە دەیڵێن چارەسەر بکات, ئەی گەر وایە بۆچی پێغەمبەر لە مەکەوە کۆچ دەکات بۆ مەدینە ئەو بۆچی کۆچی کرد ئەگەر دەیتوانی کێشەکان چارەسەر بکات, نا ئەوەیان بیانووی دەمامکێکە لە پێناو ڕازیکردن ولەدەستنەدانی ژیان.

ئەوەی زۆر تووشی نیگەرانیمان دەکات ئەو بۆچوونەیە کە پێی وابێت بۆچی ئەمریکیەکان بیارەو خورماڵیان دا بەر موشەك‌ومەسیف وشەقلاّوەیان وا لێنەکرد, ئەو بۆچوونە زۆر ڕوونە بەلاّم ئەگەر خۆمان کوێر نەکەین لەئاستیدا پێمان وابێت کەئەوان موسوڵمانی ڕاستەقینە نەبوون بۆیە وایان پێکرا, نا پێچەوانەکەی تەواو ڕاستە ئیسلامی ڕاستەقینە لەوێ بوو لە خورماڵ وبیارە بوون شەقلاّوەو مەسیف دوو هاوینە هەوارن دەکرێ ئەمریکیەکان سوود مەندبن تیایدا هەرگیز دوژمنەکانیشیان لەوێ نین, ئاخر قەت لەو بڕوایەدا نەبیت قەلاّچۆلان ومەسیف یەك فیشەکیشی ئاراستە بکرێت, چونکە ئەوەتە ڕۆژانە بە داگیرکاری ئەمریکی دەووترێت پرۆسەی ئازادکردنی عیراق, ئازاد کردن لەچی لەبەعس؟ ئێ خۆ ئەمڕۆ بەعس نەماوە, کە دڵنیام تۆش یەکێکی لەوانەی پێت وانیە ئەوە داگیر کاری بێت.

ئەگەر لەنێوان تێگەیشتن وتێنەگەیشتندا گرفتێك هەبێت ئەوە تەنها سەلەفی تازەگەرە ناتوانێ ئەو حالەتە لەیەك جیا بکاتەوە, سەلەفی تازەگەر کە پێی وایە ئەوە بۆچوونی منە کە دەڵێم هەولێریی ناگۆڕێن دواکەوتوون, لەکاتێکدا ئەو نووسینەی ئێمە ڕەخنەگرتنە لەو دەنگە, کە لای دریداش سێنترالیزمی دەنگ بەشێکە لەسێنترالیزمی لۆگۆس, بەلاّم ئەوە بەکێ بڵێم , بەسەلەفی تازەگەر جا ئەو چوزانێ دریدا کێیەو تێکیستەکانی چ کێشەیەك دەخەنە ڕوو, ئایا ئەوکاتی ئەوەی هەیە خۆی بەو تێکستانە خەریك بکات؟ ئەو دەنگەی ئێمە ڕەخنەمان ئاراستەکرد تەنها دەنگی ناو شارەکانی تر نیە نا ئەوەتە لەناو هەولێریش ئەو دەنگە ئامادەیە ڕەخنەی ئاراستە بکرێتەوە, سەلەفی تازەگەر وا لە چەمکی هەڵوەشاندنەوەی سێنتەری قەلاّ گەیشتووە کە دەبێت قەلاّی هەولێر بڕووخێنرێت, کاتێ ئاوا سەیری سەلەفی بکەین دەبێت بزانین کە ئاسنی سارد دەکوتینەوە, ئاخر بەرامبەر کێشەی لە تێگەیشتن هەیە, بڕیاریشی داوە تێنەگات, نەخێر لای ئەو یەك ویەك قەت ناکەنە دوو هەر بەیەك دەمێننەوە.

کێشەی سەلەفی تازەگەر ئەوەیە هیچ شتێك نیە ئەو لەبارەیەوە نەزانێت ئە نجام تووشی هەڵەی واگەورە دێت کەهەموو زاناکانیشی ناتوانن دەربازی بکەن, شۆڕشی پیشەسازی وگۆڕانەکانی تەکنەلۆژیا بەئاستێك هونەریان بردۆتە پێشەوە وای لێهات هونەر بەتەکنیکی بەرزەوە نمایش بکرێت, سەلەفی تازەگەر دێت قسەیەك لەو مەسەلەیەش دەکات بەلاّم چۆن قسەیەك دەنووسێت ( جارێ دەبێ بزانین ) بە مانای ئەوەی ئەوە مەسەلەیەکە یەکلایی بۆتەوە کەچی دەبینین دوای ئەو دەستەواژەیە دەنووووسێت"لە ئاکامی شۆڕشی پیشەسازی وشۆڕشی ڕاگەیاندن وشە پۆڵە تیژڕەوەکانی جیهانگەرایی..هونەر بەگشتی بەرەو کزیی دەچی" نا ناکرێت بڵێین ئاسایە با هیچ قسەیەك لەو بارەیە نەکەین, مرۆڤ تۆزقاڵێك ئاگاداری هونەر بێت ئەوسا تێدەگات شۆڕشی پیشەسازی چی بەهونەر بەخشیووە, ئەوە هەر کوردی نەگبەتە واتێدەگات کە بەهۆی تەکنەلۆژیاوە هونەرمان لەدەست چوو, ئاخر زۆر قوڕسە تۆ تەکنەلۆژیا تەنها بە سەتەلایت تێبگەیت, من بەهۆی کارکردنی خۆم لەتەك شانۆدا ڕێك پێچەوانەی ئەو بۆچوونەم چونکە ئەوەتە هەر لەبریێختەوە تاوەکو دوا ئەزمونەکانی ئەو سالأنەی دوایی لەسەر دەستی دەرهێنەرانی

وەك"مارك مۆریس, نیك فیلیبۆ"چەندان ناوی تر كە ئێرە شوێنی باسكردنیان نیە توانیویانە زیندوویەتی شانۆ بپارێزن, ئەوە لە پاڵ سوود وەرگرتن لەتەكنیكی نوێ بەهۆی تەكنەلۆژیاوە, كەدیارە ئەوەیان تاڕادەیەك بۆ ڕابەروئەزموونگەرێكی وەك" پیتەر بروك"جیاوازە بەلاَم دیسان لای بروك شانۆ بەرەو لاوازی نەچووە بەڵكو هاتووە دژی ئەو شە پۆلە تەكنەلۆژیە هەوڵیداوە زیندوویەتی شانۆ بپارێزێت, ئەگەر شانۆ بەرەو نەمان دەچێت ئەی هەمووی دوومانگ بەر لە ئێستا شانۆكارانی كورد"شەماڵ عومەرونیگارقەرەداغی"چۆن لەناو ئەو هەموو ئەزمونە شانۆییە جیاوازانە لە ڤیستڤاڵی شانۆی ئەزمونگەری قاهیرە بوونە مایەی قسەكردن لە ڕۆحی تازەگەری وداهێنان تاكار گەیشتۆتە ئەوەی بێخەمی كورد وایكردووە, هونەرمەندی عیراقی"عەواتف نەعیم"ئەزمونەكەیان بە ئەزمونی شانۆی عیراقی ناو بەرێت, ئاخر ئەوە سەلەفی تازەگەروسەلەفیەكانی تری ناو شانۆی ئێمەن هێندە

بێخەم سەیری شانۆ دەكەن ئیدیی خەڵكانێك هونەرەكەمان دەكەن بەهی خۆیان, دیارە ئەوەی من ووتومە تەواو جیاوازە بەوەی شانۆكا نمان چۆڵ بوون, كە من مەبەستم نەبوونی دیدگای ئیستاتیكی شانۆكاری كورد بوو كە لە ئاستی هەڵچوونەكان نەیتوانیبوو شانۆ دەربكات بۆیە تەكنەلۆژیا بووە هۆی دوور خستنەوەی بینەر, كەدیارە لەو بارەیەش ئێمە لێكۆڵینەوەیەكی ووردمان پێشتر بلاَو كردۆتەوە, كە خوێنەر بۆكاتی مەبەست دەتوانێ بگەڕێتەوە سەری: دەروازەیەك بۆ شانۆی ئەزمونگەری گۆڤاری رامان ژمارە( 45و46 ) كەچی سەلەفی تازەگەر ئەوە ناو دەبات بەوەی كە من وەك دەرهێنەرێك نەمتوانیووە تا ئێستا خەڵك وا لێبكەم بێتە هۆڵەكانی شانۆو پێی وایە ئەوە ئێمەی دەرهێنەرانی شانۆین لە هەولێر هیچمان لەبار نیە, من نامەوێ بكەومە هیچ وەلاَمدانەوەیەكی ئەو دەستەواژەیەو وەلاَمەكەی بۆ شانۆكاران و ڕەخنەگران جێدێلم كە من شەرم دەكەم ئەو ووتانەی ئەو ئازیزانە لێرەدا بنووسمەوە كە ئەوان بە پێچەوانەی سەلەفی قسە لەسەر كارەكانی ئێمە دەكەن, بەلاَم دوا دێر هەر هێندە دەڵێم هەق نیە سەلەفی تازەگەر نەخوێندەواری وبێئاگایی خۆی بخاتە ئەستۆی ئەدەب وهونەرەوە, ئەگەرچی ئەوەیان تەنها گەمەیەكە بۆ خۆدەرباز بوون , دەرباز بوون بۆ ئەو دوو هۆكارەی كەمن لەووتارەكەدا ئاماژەم بۆ كردن, كەهۆكاری دووەمم گەڕاندەوە بۆشەڕی ناوخۆو یەكلاكردنەوەی هێزەكان لەڕێگەی شارەكانەوە, سەلەفی تازەگەر نەك تاهەزار ساڵی تر جورئەتی ئەوە ناكات قسە لەو مەسەلەیە بكات بەڵكو جورئەتی ئەوەشی نیە بەمن بڵێت ئەوەیان هۆكار نیە ئاخر ئەوە بەیانی تووشی گێرمەو كێشەی دەكات لەوانەیە معامەلاتی تەعین بوون و یان پاداشتێكی بەو كارە لەكیس بچێت, بۆیە ناچار پەلاماری كارە شانۆییەكا نمان دەدات كەخۆزگە شتێكی لەبار بوایە بۆئەوەی بمانتوانیبا قسەكانی بە ڕەخنەی جدیی وەربگرین نەك بە خۆ دەرباز كردن لەو هۆكارەی كەحزبی كوردیی بەیەكێتیو پارتیەوە دەستێكی بالاَیان هەبووە لە دواكەوتنی ئەوشارە, بۆیە من هیوام وایە جارێكی دی ناچار نەبین بەخەڵكانێكی بێئاگا بڵێین( لە پاش خە پشەی هە پرەی بڵێن )